**ئەگەر منداڵەکەت لە کاتی بوونیدا لە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە یان ئێسەفۆ SFO پێویستی بە پێدانی دەرمانی نەخۆشی بوو**

هەندێکجار منداڵ پێویستی بە خواردنی دەرمانی نەخۆشییە لە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە.

دایک و باوک یان سەرپەرشتیاری منداڵەکە بەرپرسن کە منداڵەکە بە شێوەیەکی دروست و لە کاتی گونجاوی خۆیدا و بە پێی ڕێنمایی پزیشک دەرمانی نەخۆشی بدرێتێ.

پێویستە لەسەر دایک و باوک یان سەرپەرشتیاری منداڵ پەیوەندی بکات بە بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان یان قوتابخانە یان ئێسەفۆ و هەواڵ بدات کە منداڵەکەی پێویستی بە یارمەتییە.

پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری ئەو چالاکییانە (باخچەی ساوایان یان قوتابخانە) کە دڵنیا بێتەوە لەوەی فەرمانبەرەکانی توانای پێویستیان هەیە کە دەرمانی نەخۆشی بدەن بە منداڵ.

پێویستە ئێوە ڕێککەوتننامەیەک واژۆ بکەن کە بەرپرسیارێتی پێدانی دەرمان بە منداڵ لە کاتی دەوامدا دەدەن بە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە یان ئێسەفۆ.

پێویستە ئەو فەرمانبەرانەی ئەرکی پێدانی دەرمانی نەخۆشی بە منداڵ دەکەوێتە سەرشانیان مەشقی پێویستیان کردبێت و زانیارییان لە لایەن دایک و باوک و سەرپەرشتیاری منداڵ و پەرستار و پزیشکەوە پێدرابێت.

دوای واژۆی ڕێککەوتننامەکە دەبێ ئێوە کارتی دەرمان و ڕێنمایی ئەو پزیشکە بدەن کە منداڵەکەتان لای بووە.

OVERSETTELSEN UTFØRT AV
SALITA
Tolke- og translatørtjeneste AS
T: 04523
TRANSLATED BY
YASMIN EL MESBAHI
SIGNATURE